# یەکسانی

بڵاوکراوەی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان

YAKSANY

No. (47) APRIL 2001

PAPER OF INDEPENDENT WOMEN ORGANIZATION

ژمارە (٤٧) کۆتایی نیسانی ٢٠٠١


**بژی یەکسانی هەمەلایەنەی ژنو پیاو!**


*قوربانی‌یەکی‌تری قانونەنەکان وفەرهەنگی پیاو سالاری ! ل٢

*پیاو سالاری و دژایەتی کردنـــی ژنان ..هەلالە طاهری ل٣


# با هەولْ و خەباتمان یەکبخەین بۆ چەسپاندنی قانو نی یەکسانی ژن و پیاو !

لـەم چـەند رۆژەی رابـــردوو، دەســەلاتدارانی شـاری هــەولێر بانگەوازێکی بۆ رێکخراوەکانی ئافرەتان دەرکرد ،کە بەشداربن لە تەعدیل کردنی چەند برگەیەکی قانونی ئەحوال شخصی عـیراقی بەلام لە سنووری شەریعەتی ئیســلامی تیٚنەپـەرێت لـە هـەمان کاتدا هەندێك رێکخراوی ئافرەتان سوپاس و پیٚزانینی ئاراســتەی بە تەنگەوە هاتنەوەی دەسەلاتداران بۆ کیٚشەی ژنان کرد ٠

ژنانی کوردســتان لـە ژێـر حاکمیـەتی ئـەم ١٠ سـالەی احزابـی ناسـیونالیزمدا گـەورەترین بـاجی قوربـانی نـاموس پەرسـتی و عەشیرەتی داوە ٠

هەزاران ژن تیرۆرکراون جەستەی بـیٚ نازییـان بـە خۆێنـی سـوور نەخشێنرا، هەزارانی تریش بە خۆسووتاندن و خۆکـوژی رووبـەری مەرگ بوونەوە یانیش بە زیندوویەتی زیندەبەچال کراون ٠ گـەرەك وکۆلان و شەقامەکانی کوردستان شاهیدی تەرم و لاشەی ژنـانی سووتاو کوژراون ،تاوانبارانیش کە نە بایا ن دیبـیٚ نـە بـاران بـە ئازادی لە شوێنە گشتی‌یەکان دەسـوورێنەوە ،ئـە مانـە هـەمووی فەراهەم کردنی فەزای کۆنەپەرستی دەسەلاتدارنە بە ناوی ناموس پەرستی و داب و نـەریتی کـوردەواری بـووە هـۆی چـاو پۆشـی و بیٚدەنگی نواندن بەرامبـەر بـە دەزگـیرکردن و دادگـایی کردنـی تیرۆرستان ٠

ئەحزابی ناسیونالیست ئەگەر لە بەرنامەو پەیرەوی حزبەکـەیاندا برگەیەکیان بۆ ناساندنی ژن وەك شخصیەتێکی ئـازاد و کـامل و مافی یەکسانی ژن و پیاو تەرخان و پەخشان کردبوایە ،ئەوا هـەر لە سەرتای دەســەلاتیان مـافی کەسـایەتی ژنانیـان دەپاراسـت و یەکسانی ژن و پیاو رادەگەیاند و تیرۆرو کوشتنی ژن لە ژێر هـەر بیانویەکدا بیٚت قەدەغە دەکردو بە تاوان دادەنرا ؟بەلام ئێسـتا دەم لە تەعدیل کردنی قانونی ئەحوال شـخصی عـیراقی بـەعس کـە چەندەها سالە لە کوردستان کاری پیٚدەکەن دەکوتن٠

تەنها دەرچوونە لە ژێر فشـاری کۆمەلایـەتی و سیاسـی شـەپۆلی تیرۆرو خۆسوتاندنی ژنانە ئەمـە لـە لایـەك ،لـە لایـەکی تـرەوە وەلامدەرەوە بە بەشێکی خواستی ژنـان کـە خۆیـان بەشـدارن لـە دەستکاری قانونی ئەحوال شخصی کە دان بە مانەوە پلـە دووی و ژێر دەستەیی خۆیان دادەنێن ئەمەش بە لایەکی ترە بەسەر ژناندا!

ژنانی تیٚکۆشەر !

ئەم جۆرە تەعدیلاتانە هیچ بەرژەوەندی لە ماف و شخصیەتی ئێمە ناپارێزێت نە دیاریو خەلاتە پیٚشکەشمان کراوە تا بە چاوی سوپاس و پیٚزانینەوە وەلام بدەینەوە ،چونکە ژیان سـەرەتایی تریـن مـافی شخصی فەردی هەر ئینسانێکە دەبیٚت بە رسمی بناسرێت ٠

ریکخراوەکانی ژنان !

بـا ریزەکانمـان یـەکگرتوو پتەوتربکـەین بەرامبـەر فـەزای کۆنەپەرستی دژە ژن ، هەول و خەباتمان یەکبخەین بۆ چەسپاندنی قانو نی یەکسانی ژن و پیاو

**بژی قانونی یەکسانی ژن و پیاو !**

**مەرگ بۆ قانونی ئەحوال شخصی رژێمی بەعس !**

## کیٚ بەرپرسیارە لە دواکەتنی کۆمەلگای کوردستان ؟



ساکار احمد

رۆژی هەینی رێکەوتی ٢٠٠١/٣/٣٠ مسعود بارزانی لە هۆلی رۆشـنبیری شاری هەولێر ووتارێکی لە چلەی ماتەمینی فرانسۆ هەریری پیٚشکەش کرد ،دوای ئاشکراکردنی تیرۆرستان و بکوژانی فرانسۆ هەریری پەنجەی تاوانی بۆ تاقمە ئیسلامی‌یەکان دریژکرد ٠ لێرەدا سەرنج بەچەند دێرێکـی قسـەکانی مسعود بارزانی دەدەم ٠ لە دێرێکدا دەلێت (تاقمێکی سەر لیٚ شیٚواو لە ژێر هەر پەردەیەکدا بیٚ،نابیٚ ئەو رێگەیان هەبیٚ ،ئەو دەرەفەتـەیان پـیٚ بـدریٚ ،ئەو حەقیقەتە بگۆرن ،کوردستان بەرەو دواوە ببەن؟ئەگەر لەخۆمان بپرسین ،ئەو تاقمە سەر لیٚشیٚواوە کیٚیە ؟چۆن دروست بـوون، کـیٚ پالپشـتی کـارە تیرۆرستەکانی بوو؟ بیٚگومان ئەوە لای هەموو خەلکی کوردستان ئاشکرایە دوای راپەرینی جـەموەری کوردسـتان وەدەرنـانی رژێمـی بـەعس خـەلکی کوردستان بەکەسانی مەدەنی وعلمانی ....

بۆل٢

## هیدایەت سولتان هەلسوراوی مافەکانی ژنان لە کوێت تیرۆر کرا!

تیرۆری هیدایەت سولتان ئیسلام وکۆنەپەرستی‌یە لە بزوتنەوەی ژنان کە بۆ دیفـاع لـە مافـەکانیان هەستاون. لە کوێت هێشتا ژنان مـافی دەنگدانیـان نی‌یـە. هیدایـەت سـولتان کـە سەرنووسـەری رۆژنامەی المجالس بوو هەلسوراوێکی ئەم مافـەی ژنـانی کوێت بـوو لەگـەلْ کۆمـەلێك لـە ژنـان پرۆژەیەکیان دایە دەست دەولەتی کوێتە تییدا داوای هـەندێك ئـالْوگۆری یاسـایی‌یان تیداکردبـوو، بـەلام لـە لایـەن پەرلەمانـەوە رەت کرایـەوەو هـەر دوای ئـەوەش لـە لایـەن پۆلیسـی رژێمـی کوێتوئیسلامی‌یەکانەوە هەرەشەیکوشتنی لیٚ دەکرێت. دەولـەتی کوێـت لـەم هەرەشـەیە ئاگـادار کرابوو، بەلام بۆ بەرگرتن بەم تاوانە هیچ هەنگاوێکی هەلْ نەگرت.

## ڕوونکردنەوەیەك لە ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانەوە:

ڕۆژی ٢٠٠١/٤/٧ یەکیەتی ئافرەتـانی کوردسـتان لەگەلْ هەندێك ڕێکخراوی‌تری ئافرەتان داوای تعدیـل کردنی چەند بڕگەیەکی قانونی ئەحوال شـخصی لـە چوار چیٚوەی شەریعەتی ئیسلامی دا لە (پەرلـەمان) کردوە ، بۆ رۆژی دوایی لە ژمارە (٣٣٥١) ڕۆژنامەی برایەتی دا هەوالەکە بلاو کراوەتەوە و ناوی ئیٚمەشیان تیایدا هیٚناوە .

بۆیە ئیٚمە ڕایدەگەیەنین کە ڕێکخراوی سـەربەخۆی ئافرەتـان نـە دوور و نـەنزیك ئاگـاداری بانگـەوازی (پەرلەمان ) نەبووە، هاوکات ڕایدەگەیەنین کە ئیٚمـە بـەند بـە بـەندی قـانونی ئـەحوال شـەخصی ڕەت دەکەینەوە و بۆ جیٚگیر کردنی قانونی یەکسـانی ژن و پیاو خەبات دەکەین .

٢٠٠١/٤/٩

## کارو چالاکی‌یەکانی ڕێکخراو

*رۆژی ٢٠٠١/٣/٢٨ رێکخـــراوی ســـەربەخۆی ئافرەتـان وکۆمەلـەی ئافرەتـانی کوردسـتان بـە ئامـادەبوونی رێکخراوەکـانی‌تری ژنـان نامەیـەکی نارەزایەتی‌یان ئاراستەی یەکیٚتی ئافرەتانی کوردستان کرد سەبارەت بەو پیٚشیٚل کاری‌یەی یەکیٚتی ئافرەتـان لـە کـار وچالاکی‌یـەکانی رێکخراوەکـانی ژنـان لـە هەشتی مارسدا بەرامبەر بە رێکخراوی ناوبراو کرا.

*رۆژی١٠ /٤ /٢٠٠١ ســـاکار احمـــد بەشداریجەلەســـەیەکی ناوەندیهاوبەشـــی ریکخراوەکـانی ئافرەتـان لـە بارەگـای کۆمەلـەی ئافرەتانی کوردستان کـرد سـەبارەت بـە پیٚشـکەش کردنی بە دیلی قانونی ئەحوال شخصی عـیراقی بـە پەرلمان ٠

*رۆژی ٢٢ /٤ /٢٠٠١ سـاکار احمـد بەشـداری نـاوەندی هاوبەشـی رێکخراوەکـانی ئافرەتـانی کـرد سەبارەت بە چۆنیەتی سازدانی سیمینارێك لـە سـەر بەدیلی قانونی ئەحوال شخصی عیراقی ٠

# قوربانی‌یەکی‌تری قانونەنەکان وفەرهەنگی پیاو سالاری !

***جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان!***

***پیاوانی یەکسانیخواز وژنان بیٚماف وستەمکێش !***

(ئەسمەر محمد هادی) کچێکی تەمن ٢٥ سالان وخەلکی کۆمەلگای بنەسلاوەی شاری هەولیرە، پاش چەند مانگێك لە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەلٚ کورێکی دراوسێیان ودوای ئەوەی کە دووگیان دەبێت، داوای زەواج لە خۆشەویستەکەی ئەکات، بەلام ئەو رازی نابێت وبەدەنگ داواکەیەوە ناچێت، ئیتر (ئەسمەر)یش لە ١٤/٤/٢٠٠١ خۆی دەسوتێنیٚ ودوای دوو رۆژ گیانی لە دەست دەدات .

ئەمە یەکەم جار نی‌یە کە لە کوردستان هەوالٚی خۆسوتاندنی ژنان ببیستین، ژمارەی ئەو ژنانەی کە لەم سالانەی دواییدا کوژراون کەمتر نی‌یە لە ژمارەی ئەوانی کە لەبەرەکانی جەنگدا دەکوژرێن، بەلام لە هیچ کەنالێکدا راناگەیەندرێن، ئامارێك لەم بارەیەوە نیشان نادریٚ، تەنانەت (پارێزەرانی مافی مرۆڤ)یش جورئەتی ئیشارەت پیٚ کردنیان نی‌یە .

ئەمە چ دنیایەکە، کە ئینسان لە سەرەتاییترین مافەکانی خۆی بەهرەمەند نی‌یە؟! کیٚ لەخۆسوتاندنی (ئەسمەر) و(خانم) کەبووکی یەك هەفتە بوو لەگەلٚ نیشتمان وشیلان‌و سەدانی‌تر بەرپرسیارە؟! ئەبیٚ چی پالٚ بە (ئەسمەر)ەوە بنێت کە دەستی بچێتە گیانی خۆی وخۆی بکوژیٚ؟! ئەمە کام بەرەی جەنگە کە هێندە (قوربانی) بۆ بدرێت؟!

ئاشکرایە کە قانونەکانی ئەحوالی شخصی وفەرهەنگی دژە ژنی پیاوسالاری‌و هۆکاری ئەم جێگەورێگەیەی ژنان کە هەموویان سەرچاوەگرتووی نیزامێکی دژە ئینسانی ئەمرۆی سەرمایەداران. ئەوان کە گیان لە دەست دەدەن.

ئەوان کە لەهەل‌ومەرجی ناواقعی ونائینسانی ئەمرۆی کومەلگای کوردستانن، پەنابردنە بەر خۆکوشتن نارازی بوون بەژیانی پلەدوویی وژێردەستەیی‌یە. ناچارکردنی ژنان بەوەی کە مل بدەن بەیاساو رێساکانی بەکۆیلەکردنی ژن ،فشارێکە بۆ بەرز راگرتنی قانونەکان‌و دخالەتی دین لە ژیان وحالێیان ومقدس راگرتنی فەرهەنگی پیاوسالاری‌یە.

***ژنانی ستەمکێش ونارازی !***

خۆسوتاندن وخۆکوشتنی ئێوە رێگاچارە نی‌یە بۆ دەربازبوون لە پلەدوویی وژێردەستەیی، بۆیە رێگا چارەی دروست بۆ وستانەوە بە دژ ئەو قانون وفەرهەنگ ودەسەلاتەی کە پارێزەری ژێر دەستەیی ژنانە، خەباتە بۆ گۆرینی قانونەکان وبەهێز کردنی بەرەی یەکسانیخوازی وپێشکەوتنخوازی ورێکخراوی راستەقینەی ژنان کە رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان.

***نا بۆ خۆکوژی!***

***بژی خەبات بۆ یەکسانی هەمەلایەنەی ژن‌وپیاو!***

**رێکخراوی سەربەخوی ئافرەتان**

**٢٠٠١/٤/١٦**

## پاشماوەی کیٚ بەرپرسیارە

وئایدلۆژیای جۆراو جۆر و دیانەتی هەمە جۆردا، خوازیاری بنیاتنانی کۆمەلگایەکی مەدەنی و خۆشگوزەران و بەختەوەر بوون ،ئەمەش بەلگە و سەلماندن لە بزوتنەوەی شوراکان رۆشن و دیارە ٠ بەلام ئەحزابی ناسیونالیستی عەشایەری بۆرژوازیی بۆ وە دەستهینانی ئامانج و دەسەلاتە سەرکوتەکەی کە ناکۆکە لەگەل حەزو ئارزووی ئینسانی ٠ کەوتە زیندوو کردنەوەی خورافیاتی کۆنە پەرستی دواکەتی سەدەکانی ناوەراست بە ناوی دین و مەزهەب بۆ رەوتە ئیسلامی‌یەکان بە پالپشتی وولاتانی وولاتان کۆنەپەرستی وەك سعودیە و ایران ٠ وە دەست ئاوەلاکردنی ئیسلامیەکان بۆ هەلرشتنی تەبلیغاتی ژەهراوی و سازکردنی سیناریۆی تراژدیای جۆراو جۆر و بلاکردنەوەی خورافیاتی و بیٚ ماناو ناواقیعی سەرسورهێنەر ،چ لە رێگای مینبەری مزگەوت و کەنالەکانی رادیۆ و تەلەفزیون ٠ بۆ فریودان و چەواشەکردن و ناردنی کچان و کوران ومندال و هەرزەکار ولاو بۆ ئەو قوتابخانەی دینانەی چ لە مال لە بنکەی مزگەوتەکان کە تیجارەت بە هزرو فکریان دەکرێت ، زوربەی هەرە زۆریان تەحەمولی ئەم سیناریۆیە داریژراوە ناکەن و عەقل و هۆشیان لە دەست داوە ،بە زنجیر لە چواردیواری مال بەند کراون ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە ئامانجی ناسیونالیزم ئاوێتە و تێك هەلکێشی رەوتە ئیسلامی‌یەکانە بۆ کۆیلە کردن و دواکەوتنی کۆمەلگای کوردستان دوور لە هەموو پێناسەیەکی ئینسانی ،نیشاندانی بی‌توانایی و بیٚ ئیرادەی ئینسانی بەرامبەر دەسەلات کە بۆتە هۆی دەخالەت لە سەرەتایترین و سادەترین مافی هەر ئینسانێك بەتایبەتی ژن وەك جل و بەرگ پۆشین و خواردن خواردەوە و لیك جیاکردنەوەی قوتابی کچ وکور لە قۆناغی سەرەتایی و نامۆ بوون و دژ بە یەکتری کردن جولاندنی غیرەتی پیاوسالاری و دەمارگیری بۆ زیاتر کۆیلە کردنی ژنان ٠ئەمەش بە شێوەیەکی زەق و بەرچاو لە کوردستان رەنگی داوەتەوەو ،بۆتە مایەی بێزاری و دلە وراوکیٚ دوودلی سەرجەم کۆمەلگای کوردستان ٠ شەپۆلی خۆ سووتاندنی ژنان و تیرۆرو سەر برینی نعمەت بایزو فائزە رسول ئەتك و لووت برین و جیا لە لیدان و اهانە و سووکایەتی چەندەها ژن بەر تەسك کردنەوەی ئازادی تاك و کۆمەل رێکخراو و پێشێل کردنی خواست وئارەزووی لاوان و تێکدان و تەقاندنەوەی گازینو وسەتەلایت و شوێنی گشتی و تەقاندنەوەی چەندە ها ئارایشتگای ژنان ، ئایا هەموو ئەمانە لەژێردەسەلاتی ئێوە نەبوو رویدا ؟ ،هیزو توانای فریوکارو هات و هاواری پروپوچ بۆ تحریك کردنی غیرەتی پیاوسالاری و دەمار گیری عەشیرەتگەری ساتیٚ دەزانن ژنان مل کەچی خورافیاتی ئەوان نابن سەرپێچی فەرمان و شەریعەتی ئەوان دەبن و هات و هاواریان بۆتە بلقی سەر ئاو بەبەرد تیٚگرتن و تیزاب رشتن و ترس تۆقاندن وەلامیان دەدەنەوە ئایا وەلامتان بۆ ئەمە چی‌یە ؟ ئەو هەموو کارە تیرۆرو أرهابی‌یە لە ژیر دەسەلاتی ئێوە روویدا لە هەمان کاتدا دەستیان ئاوەلا دەکەن و کۆمەکی مالیتان پیشکەش کرد چاو پۆشی و باوەشێنی کارە تیرۆری‌ەکەتان کرد وە لە دێرێکی تردا دەلیت ( کەس لە ئێمە توندتر نابێت بەرامبەر بەو خائین و روورەشانەی دینیان کردووە بەوەسیلەك بۆ ئەوەی هەچی مەکاسبی نا شەرعی هەیە لەدنیا دەستیان بکەویت )رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان تاکە رێکخراو بوو لە ساحەی سیاسی کوردستان دەنگی نارەزایەتی و بێزاری هۆشیارکرنەوەی ژنانی هەلبری ،ژنانی لەم سیناریۆیە تراژیدیایە داریژراوە ی‌دژە ژنی ئاگادار کردەوە کە دەرهەق بە مافی شخصی ژنان دەکرا ٠ دەستە تاقمی ئیسلامی هیچ وەلامێکان بۆ ئەمە پی‌نەبووتەنها بە هات و هاواری مەلایەکی فریوکار (مەلا بەشیر )کە رۆژانە گیرفانی بە خوێنی ژنانی ستەمکێش و خوێنی کەسانی مەدەنی و علمانی و تەبلیغاتی ژەهراوی و درۆ و دەلەسەی هەلبەستراو و دوور لە راستی و دوور لە ماهیەت و شایستەی ئینسانی گەرم کردبۆەوە کەوتە فتوادان و کوشتنی ئەندامانی رێکخراو و هاندانی جەماوەری کوردستان لە دژی ئەندامانی رێکخراو و شبهاندنی شاری هەولیر بە جەزائیرو أفغانستان ، هەلرشتنی گۆماوی خوین لە شەقامەکان ،پەخشەکە لە رادیۆ و تەلەفزیۆنی کۆنەپەرستی یەکگرتوو چەند جارێك دووبارە کرایەوە ،بۆ تحریکی دەمارگیری و کۆنەپەرستی پیاوسالاری بۆ هەلرشتنی گۆماوی خوین ٠ حوێنی کیٚ؟.خوێنی ئەو کەسانەی کە جل و بەرگی مەدەنی دەپۆشن ،یان خوێنی کەسانی مەدەنی کە مل کەچی خورافیاتی نا واقیعی ئەوان نابن و لە فەرمان و شەریعەتی ئەوان دەردەچن و جەماوەری کوردستان لە تەبلیغاتە استیرادکراو سیناریویە دژە ئینسانی‌یەکە هۆشیارو ئاگادار دەکەنەوە بەنەخشە و پلانی داریژراو ،بوە هۆی گیان لە دەستدانی دوو لە هاوریانی حزبی کۆمەنیستی کرێکاری عیراق ٠ ئایا ئەو هەمووتاوان و تاوانکاری‌یەی‌دەرهەق بە ماف و شەرەفی ئینسانی کرا لە ژێر دەسەلاتی ئێوەی نە بوون ؟ هاوولاتی ئەم شارە نەبوون ؟کوا دەنگی نارەزایە تیتان و ئاکامی شەکوای رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لە دژی مەلای کۆنەپەرست لە دادگا عادیلانەکەتان ٠بەلام لە جیاتی دەزگیرکردنی مەلای فتوادەر و تاوانباران،رووبەرووی دادگای عادلانەی جەماوەر بکرێنەوە و بنکەو بارەگایان لە رەگ و ریشەوە هەلکێشریت ،پەروەردی مەشقی تیرۆری لە ناو شار قەدەغە بکریٚ . کەوتنە قەدەغە کردنی کارو چالاکی و فعلیاتی رێکخراوی سەر بەخۆی ئافرەتان و بنکە و بارەگاتان پیٚداخستن رۆژنامەی یەکسانی کە تاقە بلندگۆی نارەزایەتی ژنان و نیشاندان و بیٚ مافی کۆیلەیی ژنان بووبە بریاری پەرلمان لە بازارو شوێنە گشتی‌یەکان قەدەغەتان کرد ؟ کەوتنە هەرەشە و چاووسوورکردنەوە لە هەر کەسیٚ رۆژنامەی یەکسانی بفرۆشیت و بلاو بکاتەوە ٠ ئەی وەلامتان بۆ ئەمانە چی‌یە ؟

رژنامەی یەکسانی تاقە بلندگۆی نارەزایەتی ژنان و نیشاندەری بیٚمافی و کۆیلەیی ژنان بوو ، بەبریاری پەرلەمان لە بازارو شوێنە گشتی‌یەکان قەدەغە تان کرد . کەوتنە هەرەشە و چاو سور کردنەوە لە هەر کەسێك کە رۆژنامەی یەکسانی بفرۆشێت یان بلاوی بکاتەوە ،ئەی وەلامتان بۆ هەموو ئەمانە چی‌یە ؟ لەدێرێکی‌تردا دەلیٚ " بەلیٚ ئێمە دژی هەموو جۆرە توندرەوی‌یەکین ،لەدژی‌ئەوانەین دنیا بە ناوی دینەوە دەخۆن و دژیشیان دەوەستین " ساتیٚ دەستی تیرۆر بەرۆژی روناك لەبەر چاوی خەلك بە ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی ئێوەگەیشت ئەوکاتە دژیان دەوەستن وریگایان پیٚ نادریٚ کوردستان بەرەو دواوە بەرن ؟ مانەوەی بنکەو بارەگای تیرۆریستان و پەروەدەی مەشقی تیرۆری بەر بەمانەوەی دلەراوکیٚو دوو دلی کۆمەلگای کوردستان ناگریٚ لە نائەمنیەت و نا ئاسایشی شار ، بەردەوام بوونی ئیهانەو سوکایەتی ژنانە لە بازارو شوێنە گشتیەکان . تا ئێستا کام رێگەیان لیٚگیراوە ؟ رێگەی سەرکوت و ترس تۆقاندن و تەقاندنەوە یان رێگەی خورافیاتی داریژراوی ناواقعی دژە بەشەر ؟

# پیاو سالاری و دژایەتی کردنی ژنان
## هەلالە طاهری

لە وولاتێکی وەك افغانستان ،پاکستان ئوردن و عیراق ئێرانی ژێر دەسەلاتی جمهوری ئیسلامی کە تووشی بەلای ئیسلام بوون لە سالێکدا دا سەدان ژن لە ژێر ناوی ناموس پەرستی دا بە دەستی کەس و کاریان بە شێوەیەکی بێ رەحمانە دەکوژرێن ٠ مەدای ئەم کێشە یە ئەوەندە راچلە کێنەرە بە پێ ئاماری رسمی وولاتی پاکستان زیاتر لە سەد ژن لە ترسی کوشتن و پاراستنی گیانی خۆیان پەنایان بردۆتە بەر بەندیخانەکان !تەنیا لە ماوەی ٤ مانگ دا لە ئوردن زیاتر لە ١٣ ژن بە دەستی کەس و کاریان بە شێوەیەکی درندانە کوژراون ٠ لە سالی رابردوودا زیاتر لە ٥٠٠ ژن بە دەستی حزب اللەی عیراقی و مامورانی صدام بە شێوەیەکی وەحشیانە سەر براون سەرە کانیشیان بە دەرگای مالیان هەلواسراون ئەوان بەم کارە وەحشیانە لە ژێر دروشمی پاکتاو کردنی وولات لە ژنانی لەش فرۆش ، فەزای ترس و تۆقاندن لە ناو ژنان و کچان و پەرە پێداوە و لە هەولی ئەوە دان لەم رێگاوە هەموو دەنگێکی ئازادیخواز لە کۆمەلگا دا بخنکێنن ،لە ١٠ سالی رابردوو دا لە کوردستانی عیراق سەدان ژن بە دەستی پیاوانی کەس و کاریان و یا بە فرت فیلی کۆنەپەرستانی مەزهەبی و ناسیونالیستەکانی ناوچەکە وەك یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکرات و باقی دەستە تاقمی ناسیونالیست و مەزهەبیەکان کوژراون ئەم ناوانبارانەنێوی ژنانیان خستۆتە ناو لیستە رەشەکان کە بە شێوەیەکی بێ شەرمانە دەست درێژیدەکەنە سەر گیان و حورمەتی ژنان لە جمهوری ئیسلامیشدا دژایەتی کردنی ژنان ، بەرد باران وکوشتن و برینی ژنان بەرسمی قانونی کراوە بە پەرەپێدانی فەزای دژایەتی کردن لەگەل ژنان ، خۆکوژی و کوشتنی ژنان و کچانی لاو بە بیانووی ناموس پەرستی روو لە زۆر بوونە و لەم مانگانەی دواییدا بەردەوام ئەم هەوالە ترسناکانە بەرگوێ دەکەوێ ٠

بەربەرەکانی دوو فەرهەنگ ،مۆدێرنیسم و کۆنەپەرستی پیاوسالاری تایبە تمەندیەکی هەموو کۆمەلگا چینایەتییەکانی تا ئەمرۆیە هەلاواردن و ناپارتایدی جنسی ژنان یەکێکە لە گەورەترین کێشەکان و کێشمە کێشە مێژووییەکانی ژیانی مرۆڤ بووە و هەیە ٠ بەلام لە سەد سالی رابردوودا بە ردەوام جیهان شاهیدی کیشمە کێشی نێوان فەرهەنگی مۆدێرن و بەرابەری خواز لەلایەك و فەرهەنگی کۆنەپەرستانە لە لایەکی دیکەبووە ٠ فەرهەنگی کۆنەپەرستانەو دژی ئینسانی بە ردەوام لە ژێر سایەی رەحمەتی مەزهەبەکان و بەتایبەتی ئیسلامدا ماوەتەوە لە بەرانبەر دواکەوتوییدا ، فەرهەنگی مۆدێرن بە تایبەتی دوای گەشەسەندن و سەرهەلدانی بزووتنەوەی یەکسانیخوازو کرێکاری تا ئەمرۆ بەردەوام لە سەروی خەباتی حەقخوازنەوە بووە مانەوەی ئەم فەرهەنگە لە سایەی بوونی بزووتنەوەی یەکسانیخواز و رادیکال و کۆمونیست لە ئاستی نێو نەتەوەیی و جولانەوەی رادیکالی چەپ لە ناوچەکەدا بە پێ سەنگ و سووکی هێزو تەوازنی قوای چینایەتی خۆی ، توانیویەتی پێوانە بەها ئینسانەکانی یەکان بکاتە نۆرم و رەوالی کۆمەلگا ٠ حجاب ، بەرد باران ، کوشتاری ژنان لە ژێر نوی ناموس پەرستی و ئازاردانی جنسی ژنان٠

هەمووی تایبەتمەندی فەرهەنگی دواکەوتووانە بە پێشینە و زەمینەی ئیسلامی و ناسیونالیست و قەومییەوە ، لە روانگەی ئیسلامەوە ژنان وەك کۆیلە سەیر دەکرێن

مافی هیچ جۆرە خۆ دەرخستێکیان نییە ، ئەگەر ژنێك لە ژێر فەرمانی شەریعەتی ئەو یاسایە دەرچێت و لابدات رووبەرووی هەرەشەو مەرگ دەبێتەوە بە درندانەترین شێوە دەکوژرێت ٠لە وولاتی وەك ایران ،سعودیە ، سۆمال ، ئەفغانستان و باقی ئەو وولاتانەی بەلای ئیسلام بە سەریاندا زالە ، ئاستی ئەم فاجیعەیە ئەوەندە بەرینە کە ئەم جۆرە کردەوەیە وەحشانە بووەتە یاسای وولات ٠ کچان و ژنانی لە پێش جەماوەردا بەرد باران دەکرێت ٠ ناموس پەرستان فەزای ترس و تۆقاندن لەنێو ژنان دروست کردووە ، پێش بە گەشەی مۆدێرنیسم و یەکسانیخوازی دەگرێ٠

ئەگەر بە ایرادەو خواستی خۆیان بجولێنەوە بە هەزارو یەك شێوە سزا دەدرێن خەباتی چەندین سالەی ژنان دژی حجاب لە ایراندا ، گالتەکردنی بەردەوام بە ئیسلام و داب و نەریتی شەرعی دژی ژن لە وولاتە بە نێو ئیسلامیەکان ، ئەوە نیشان دەدەن کە فەرهەنگی دواکەوتووانە لە سەرووی هەمویانەوە ئیسلام

لە بەرانبەر بزووتنەوەی یەکسانخوازانەی خەلك دا ٠ وە تەنگ هاتووە ،هەول و تەقەلای وەحشانەیان بۆ نەجاتی ئیسلام ، نەتەنها بەهێز خەلکی بێ ناترسی بەلکودەبێتە هاندەرێك بۆ خەبات بەدژی ئەوان ! بزووتنەوەی یەکسانخواز دەباتە بەر دەرگای مالان و رێگای گەیشتن بە بەختەوەری مرۆڤ و رزگاری ئینسان دەکاتە واقیعەت و راستییەکی مومکین .٨ی مارسی ئەمسال لە شارەکانی ایران و رێ رسمی جەژن و خۆشییەکانی نەورۆز و، بە ئاشکرا هەموو یاسا ئیسلامییەکان ژێر پێ تراوەنموونەیەکی زەقی پەرەسەندنی ئەم بزووتنەوە ئازادیخوازانەبوو.دەبێ فەرهەنگی مۆدێرن بخرێتە جێگای وەهم وخورافە بە دژی ئامرازی سەرکوتی ناین ،بۆ رزگاری مرۆڤ ویەکسانی تەواوی ژنوپیاو ئاستی خەبات بەرینتر بکرێت لە جیاتی قوربانی کردنی ئینسان دەبێ فەرهەنگی مەزهەبی کۆنی دژە ئینسان ودەسەلاتەکەی پارێزەری ئەم فەرهەنگانە لەریشەهەلکەنرێت و بخرێتە زبلدانی مێژوو.

## پاشماوەی
## هەوالەکانی توندوتیژی

،دوای ئەوەی بدایەت خۆی دەسووتێنێت وەدەمرێت و مالی باوکی بدایەت اهانە وسووکایەتییەکی زۆر بە سەمیرە دەکەن وئازاری دەدەن ئەمیش لە ژیان بێزار دەبێت وەدەیەوێت بە دەردی بدایەت بچێت لە ٢٠٠١/٤/٢٤ خۆی دەسووتێنێت بەلام زوو فریای دەکەون و ئاگرەکە دەکوژێننەوە بەلام هەردوو رانی ودەست و قاچی دەسووتێت٠

٢٩- زبێدە پیربال قادر ،تەمەنی ٤٠سالە ،خەلکی شاری هەولێرە ،لە ژیان بێزار دەبێت ،لە ٢٠٠١/٤/٣٠دەسووتێت ودوای حەوت رۆژ گیان لە دەست دەدات٠

٣١ بدایەت عبداللە حسن ،تەمەنی ١٥ سالە ،خەلکی شاخۆلانە ،دوور لە خواست و ئارەزوی خۆی ژن بەژنی پێ دەکرێت هەتا مانگێك دوای زەواجەکەی هەر کچ بوو ،لە٢٠٠١/٤/١٨ خۆی دەسووتێنێت ، دوای دوو رۆژ گیان لە دە ست دەدات ٠

٣٢- ئەسمەر محمد هادی ، تەمەنی ٢٥ سالە ، خەلکی کۆمەلگای بنەسلاوەی شاری هەولێرە ، پەیوەندی خۆشەویستی لەگەل کورێکی دراوسێیان دەبێت بەناوی سەربەست حمید کەچەکداری (پ.د.ك) ە وئاوارەی چەمچەمالە دوای ئەوەی کەئەسمەر دوو گیان دەبێت داوای زەواج لەخۆشەویستەکەی دەکات ، بەلام ئەو رازی نابێت ، ئەسمەریش لە٢٠٠١/٤/١٤ خۆی دەسووتێنێت ودوای دوو رۆژ گیان لەدەست دەدات.

٣٣- نەورۆز ،تەمەنی ٢٢سالە خەلکی شاری هەولێرە چەند سالە زەواجی کردوە ، هاوسەرەکەی لەگەلی زۆر خراپ دەبێت شەو گوللەیەك بەقاچییەوە دەنێت وبریندااری دەکات.

**ژنانی یەکسانیخواز! جەماوەری ئازادیخواز! کۆمەکی مالی بە یەکسانی بکەن ،زۆری بکەن ،بەدۆست وهاورێیانتان بیگەیەنن وبلاوی بکەنەوە! هەوال ورا پۆرتی نارەزایەتییەکانتانی بۆ بنێرن!**

# هەواڵەکـــانی توندو تیژی لە دژی ژنان

١-ش.م.ج تەمەنی ٢٦ ساڵە ،خەڵکی شاری هەولێرە ، ڕێگری زۆری دەبن لەهاتنەدەرەوە لەماڵ ،براکانیشی أهانەوسوکایەتی پێدەکەن وزۆری لێدەدەن ،لە٢٠٠١/٢/٣ خۆی دەسوتێنێ بەڵام زووفریای دەکەون وئاگرەکە دەکوژێننەوە بەڵام تاکو ئێستا شوێنەوارەکە بەجەستەیەوە دیارە .

٢-کوێستان حمە خەڵکی قەڵادزێ یە تەمەنی ١٥ ساڵە لەژێر هەڕەشەی کوشتن لە٢٠٠١/٣/٢٠ بەبڕێك پارە دەفرۆشرێتە کوڕێکی ئێرانی بەناوی محمد خەڵکی سەردەشتە .

٣-ساریە محمد رشید تەمەنی ٢٠ ساڵە خەڵکی هەولێرە ، بارزانی یە ، زەواجی نەکردوە لەگەڵبراکانی شەڕیان دەبێت أهانەوسوکایەتیەکی زۆری پێدەکەن ولێی دەدرێت ، ئەویش ڕادەکاتە ماڵی خوشکی لە(حی شرگە) بەڵام ماڵەوەیان بەدوایدا دەچن ئەویش ناگەڕێتەوە لە٢٠٠١/٢/١٠ لەماڵی خوشکی خۆی دەسوتێنێ هەرهەمان ڕۆژ گیان لەدەست دەدات .

٤-ئەڤین سلێمان تەمەنی ١٨ ساڵە خەڵکی گەڕەکی (جیش شعبی )یەلەشاری هەولێر بەمناڵی لەجیاتی زڕدایکەکەی لەبرای زڕدایکەکەی مارەدەکرێت بەڵام ئەو برای زڕدایکەکەی خۆش ناوێت ، زڕدایکەکەی لەتۆڵەی ئەمە تۆمەتێکی بۆهەڵدەبەستێت وبەباوك وزڕبراکانی زۆری لێدەدەن وبەهەردوودەستیدا بەپەنکەوە هەڵیدەواسن ، ئەویش لە٢٠٠١/٤/١٨ خۆی دەسوتێنێ ودوای دووڕۆژ گیان لەدەست دەدات ودوای ئەوەش زڕدایکەکەی بەند دەکرێت .

٥-هەدیە سۆرۆ نبۆ ، تەمەنی ٣٥ ساڵە خەڵکی دیانایە چەند ساڵە زەواجی کردوە خۆی ومنداڵەکانی چەند ساڵێك لەلایەن هاوسەرەکەیەوە لەژێر لێدان وئەشکەنجە بووە بۆیە لە٢٠٠١/٢/١١ خۆی دەسوتێنێ ودوای چوار ڕۆژ گیان لەدەست دەدات .

٦-فائزە أحمدشریف ،تەمەنی ٢٧ ساڵە خەڵکی گەڕەکی کورانی عینکاوەی هەولێرە ،چەند ساڵە زەواجی کردووە ومنداڵی هەیە ،هاوسەرەکەی لەگەڵی زۆر خراپ دەبێت شەو زۆری لێدەدات ئەویش بێئومێد دەبێ لەژیان لە٢٠٠٠/١٢/٢٩ خۆی دەسوتێنێ دوای مانگێك بەئێش وئازاری سوتانەوە گیان لەدەست دەدات .

٧-بەگیس صالح قادر ، تەمەنی ٦٠ ساڵەخەڵکی شاری هەولێرە ، هاوسەرەکەی ژنێکی تر دەهێنێت ودەری دەکات ئەویش زەواج دەکاتەوە لەگەڵ پیاوێك کەمنداڵی زۆرە ، دوای ئەوەی منداڵەکان بەخێو دەکات وگەورە دەبن ،بەگیس لەماڵ دەردەکەن ئەویش بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی خۆی لەماڵان ئیش دەکات ، بەڵام براو براژنەکەی پارەی لێ دەستێنن ، بۆیە ئەویش لە٢٠٠١/٢/١٧ خۆی دەسوتێنێ ودوای ڕۆژێك گیان لەدەست دەدات .

٨-ڕقیە صابر ،تەمەنی ٣٠ ساڵە وخەڵکی شاری هەولێرە ، دوای أهانەوسوکایەتیەکی زۆر لەلایەن خێزانەکەیەوە زۆری لێدەدرێت ئەویش لە٢٠٠١/٢/١٣ خۆی دەسوتێنێ ودوای دووڕۆژ گیان لەدەست دەدات .

٩-س.م.ص ،تەمەنی ٢٢ ساڵە خەڵکی گەڕەکی ڕزگاری شاری هەولێرە ،دوای ئەوەی بێئومێد دەبێت لەژیان کەڕۆژانە لێدان وأهانەوسوکایەتی زۆری پێدەکرێت ئەویش لە ٢٠٠١/٢/١٥ خۆی دەسوتێنێ ، بەڵام زوو فریای دەکەون وئاگرەکە دەکوژێننەوە ،تاکوئێستاش شوێنی سوتانەکەی بەسەرسینگ وڕان ولاقی ودەستیەوە ماوە .

١٠-ز.ب.ح ، تەمەنی ٣٢ ساڵە خەڵکی شاری هەولێرە ،دوای ئەوەی زۆری لێدەدرێت وأهانەوسوکایەتی بەردەوامی پێدەکرێت لە٢٠٠١/٢/١١ خۆی دەسوتێنێ ئێستاش پاشماوەی سوتانەکە بەلەشیەوە دیارە .

١١-ب.س ، تەمەنی ٢٥ ساڵە خەڵکی دیانایە ،دوای ئەوەی ناهێڵن لەماڵەوە بچێتە دەرەوە وأهانەوسوکایەتی زۆری پێدەکرێت وزۆری لێدەدرێت ،لە٢٠٠١/٢/١٤ خۆی دەسوتێنێ بەڵام زوو فریای دەکەون وئاگرەکە دەکوژێننەوە تائێستاش پاشماوەی سوتاندنەکەی بەجەستەیەوە ماوە .

١٢-دەوار حاجی ڕۆستەم ، تەمەنی ١٨ ساڵە خەڵکی کۆیەیە وهەرلەکۆیەدادەنیشێت ماڵەوەیان فشاری زۆری بۆدەهێنن تاکو شوبکات بەکەسێك دور لەخواست وئارەزوی خۆی ، ئەویش لە ٢٠٠١/٣/١٥ خۆی دەسوتێنێ وهەرهەمان ڕۆژ گیان لەدەست دەدات .

١٣-خانم قادر بایز تەمەنی ٢٨ ساڵە خەڵکی هەولێرە ڕۆژی هەفتانەی دوای زەواجی لەگەڵ خەسووهاوسەرەکەی دەبێتە شەڕیان لەسەر پارەی هەفتانە ،هاوسەرەکەشی زۆری لێدەدات ،لە٢٠٠١/٢/٢٢ خۆی دەسوتێنێ ،دوای پێنج ڕۆژ گیان لەدەست دەدات.

١٤-خانم عزیز حسین ،تەمەنی ٤٠ ساڵە خەڵکی شەقڵاوەیە سێجار زەواجی کردوە بەڵام منداڵی نابێت ،دوای مردنی هاوسەری سێیەمی دەگەڕێتەوە ماڵی باوکی ،بەڵام ڕووبەڕووی أهانەوسوکایەتیەکی زۆر دەبێتەوە ،بۆیە لە٢٠٠١/٢/٢٢ خۆی دەسوتێنێ ، دوای ١٢ ڕۆژ گیان لەدەست دەدات .

١٥-ئەژین وەلی قادر ، تەمەنی ١٤ ساڵە خەڵکی دڕکاوەی شاری هەولێرە ، لەڕێگای ڕەوتە ئیسلامیەکانەوە دەرسی دینی لەماڵەوە دەڵێتەوە کەنۆقوتابی دینی هەبوە ، لە٢٠٠١/٣/١ لەگەڵ دایکی بەشەڕدێت وزۆری لێدەدات ، ئەویش بێئومێد دەبێت لەژیان خۆی دەسوتێنێ ،بەڵام زوو فریای دەکەون وئاگرەکە دەکوژێننەوە ،تاکو ئێستاش پاشماوەی سوتانەکەی بەسەر لاق وسینگ وسکیەوە دیارە.

١٦-نرمین عمر عزیز ،تەمەنی ٢٥ ساڵە ،خەڵکی گەڕەکی سێتاقانی هەولێرە چەند ساڵە زەواجی کردوەوچەند منداڵی هەیە ،ڕۆژی ٢٠٠١/٢/٢٧ لەگەڵ خەسوی بەشەڕدێت ودوای أهانەوسوکایەتی ولێدانێکی زۆر ،ناچار خۆی دەسوتێنێ بەڵام زوو فریای دەکەون وهێشتا پاشماوەی سوتانەکەی بەسەر هەموولەشی ودەموچاویەوە دیارە .

١٧-ڕ.ح.خ ،تەمەنی ٥٠ ساڵە خەڵکی شاری هەولێرە دوای ئەوەی لەلایەن ئەندامانی خێزانەکەیەوە زۆری لێدەدرێت ، ئەویش لەو ژیانە ژێردەستەیی وکۆیلەییە بێزار دەبێت لە٢٠٠١/٣/٤ خۆی دەسوتێنێ ، تاکو ئێستا ناتوانێت هەردوو دەستەکانی بەباشی بجولێنێ وکاریان پێ بکات .

١٨-ن.ڕ.ف ، تەمەنی ٢٠ ساڵە خەڵکی هەولێرە دوای ئەوەی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی بەشەڕ دێت لە٢٠٠١/٣/١٤ خۆی دەسوتێنێ بەڵام زوو فریای دەکەون وئاگرەکە دەکوژێننەوە .

١٩-ج.ڕ.ی ، تەمەنی ٥٥ ساڵە وخەڵکی هەولێرە دوای ئەوەی لەگەڵ کوڕەکانی بەشەڕدێن ، کوڕەکانی زۆری لێ دەدەن ،ئەویش لە٢٠٠١/٢/٨ خۆی دەسوتێنێ بەڵام زووفریای دەکەون و ئاگرەکە دەکوژێننەوە .

٢٠-ن.ع.خ ،تەمەنی ٢٥ ساڵە خەڵکی هەولێرە دوای ئەوەی لەئاهەنگێك دەگەڕێتەوە کەدەعوەت کرابوون ، لەئاهەنگەکەدا شایی دەکات ماڵەوەیان زۆری لێدەدەن ئەویش لە٢٠٠١/٣/١٣ خۆی دەسوتێنێ بەڵام فریای دەکەون وئاگرەکە دەکوژێننەوە تاکو ئێستاش شوێنی سوتاویەکەی بەدەموچاوودەستیەوە دیارە.

٢١-لیلی أبوبکر مستەفا ،تەمەنی ٢٥ ساڵە خەڵکی گوندی (کەوریەن)ی سەربەشاری هەولێرە وزەواجی نەکردووە لەگەڵ دایك وبراکانی شەڕیان دەبێت وزۆری لێ دەدەن لەشەوی ٢٠٠١/٣/٢٠ خۆی دەسوتێنێ ودوای پێنج ڕۆژ گیان لەدەست دەدات .

٢٢-ژیان هادی أحمد ،تەمەنی ٢٥ ساڵە خەڵکی گەڕەکی ٩٢ یشاری هەولێرە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکی دراوسێیان دەبێت ،دوای ئەوەی باوکی دەیبینێت لەگەڵ کوڕەکەی دراوسێیان قسەدەکات ،ڕۆژی جمعە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٣/١٦ سەعات ٤یعەسر بەباوك وبراکانیومامی دەیخنکێنن وهەواڵەکەش وابڵاودەکەنەوە کەخۆیخۆیهەڵواسیوە

٢٣-تارا ، تەمەنی ١٦ ساڵە خەڵکی گوندێکی سەربەشاری هەولێرە ،پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێك دەبێت بەناوی توانا ،داوای ئەوەی ئامۆزاکەی داوای زەواجی لێ دەکات ئەویش ڕازی نابێت شوی پێ بکات ،بەبراکەی کەناوی کەیوان وئامۆزاکەی کەناوی زیرەکە لەدەشتێکی چۆڵ دەیکوژن .

٢٤-سەروین کمال مجید ،تەمەنی ١٩ ساڵە خەڵکی گەڕەکی نەورۆزی شاری هەولێرە ،دوای ئەوەی وویستویانە بەزۆر بەشوی بدەن دوور لەخواست وئارەزوی خۆی لە٢٠٠١/٢/٢٠ خۆی دەسوتێنێ ودوای ١٤ ڕۆژ گیان لەدەست دەدات .

٢٥-سۆزان نامق کاکۆ ،تەمەنی ٣٤ ساڵە خەڵکی گەڕەکی مەلایانە لەشاری هەولێر زەواجی کردوە ودوو منداڵی هەیە ، شەو هاوسەرەکەی زۆری لێ دەدات وئەویش بێ ئومێد دەبێت لە٢٠٠١/٣/١٦ خۆی دەسوتێنێودوای ٨ڕۆژ گیان لەدەست دەدات.

٢٦-سۆزان عزیز أسماعیل ،تەمەنی ١٨ ساڵە خەڵکی گەڕەکی بەهاری شاری هەولێرە باوکی لەسەرچوونە دەرەوە لەگەڵ دایکی بەشەڕدێت وبراکانیشی زۆری لێ دەدەن وأهانەوسوکایەتی پێدەکەن ،لە٢٠٠١/٤/١٨ خۆی دەسوتێنێ ودوای یەك ڕۆژ گیان لەدەست دەدات .

٢٧-ف،س ،تەمەنی ١٦ ساله بارزانی یە ،لە دایك بووی ایرانە ،کەس و کاری لە هەلس و کەوتی زور نەقدی دەکەن دایکی و باوکیشی بە قسەی خزمەکانیان مامله و رفتاری نائینسانی لەگەل دەکەن ریگری بودروست دەکەن ئە ویش بەرگەی ناگریت لە ٢٠٠١/٤/٨ خۆی دەسوتێنێت . ٢٨- سەمیرە زکی ،تەمەن ١٥ساله ،ژن بە ژنی بە بدابەت عبدالله حسن پێکراوە

بۆل٣

جگە لەسەروتار هەموو ئەوبابەتانەی کەبڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانەو (یەکسانی) لێی بەرپرسیار نییە

یەکسانی
بڵاوکراوەی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان
سەرنوسەر: ساکار أحمد